خەزەڵی وباڵیۆزی ڕوسیا دوایین پێشهاتە ئیقلیمی ونێودەوڵەتی تاووتوێ دەکەن

ئەمینداری گشتی عەساییی ئەهلی حەق شێخ قەیس خەزەڵی ئەمڕۆ ڕۆژی سێشەممە لەگەڵ باڵیۆزی ڕوسیا لەعەراق ئیلیۆس کوتراشیف بارودۆخی سیاسی وئەمنیان تاووتوێکرد.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی ئەمینداری گشتی عەساییی ئەهلی حەق لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:- شێخ خەزەڵی ئەمڕۆ سێشەممە لەنووسینگەکەی خەیدالەبەغدا پێشوازیکرد لە باڵیۆزی روسیا لەعەراق ئیلیبرەس کوتراشیف ، لەدیدارەکدا پێکەوە پێشهاتە سیاسی وئەمنیەکانی عەراق وناوچەکەیان تاووتوێکرد، هەروەها باسیان لە هەرشەکانی زایۆنیزم کرد بە سەرگەلی فەلەستین.

وتیشی کە شێخ خەزەڵی گفتوگۆی کرد دەربارەی گرنگی ڕۆڵی ڕوسیا لەبواری چەکدارکردن و پێشخستنی توانای سەربازی هێزە ئەمنیەکانی عەراق.

لەلایەن خۆشیەوە باڵیۆزی ڕوسیا خواستی وڵاتەکەی خستەڕوو بە پتەوکردنی پێیوەندیە دووقۆڵیەکان وبڕەودان بەهاوکاری نێوان دوو وڵات وکارکردن لەپێناو گەشانکاریەکی ڕیشەیی لەنێوان لایەنە سیاسیەکانی عەراقدا بەشێوەیەک ڕەنگدانەوەیەکی ئەرێنی بەسەر واقعی سیاسی وئەمنی وڵاتدا هەبێت